شاخەوان عەبدوڵا بە توندی ئیدانەی بە ئامانجگرتنی کۆگای غازیی کەرمەر دەکات

جەگری سەرکی پەرلەمانی عێراق بە توندی ئیدانەی بە ئامانجگرتنی کۆگای غازیی کەرمەر دەکات و داوای لە حکومەتی فیدراڵی کرد ڕوشوێنکان بگرێتەبەر لەپێناو دانانی سنوورێک بە دووبارەنەبوونەوەی دەستدرێژی بە سەر دەزگا مەدەنی و گرنگەکان.

ڕۆژی هەینی (26ـی کانوونی دووەمی 2024) شاخەوان عەبدوڵا، جەگری سەرکی پەرلەمانی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاندووە: "بەتوندترین شێوە سەرکۆنەی بەئامانجگرتنی کۆگەی غازیی کەرمەر دەکەین کە بە فۆکەی بێفۆکەوان ئەنجامدرا لە پارێزگای سلێمانی، کە بووە هۆی بینینی کارەبا لە هاووڵاتیانی چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان".

شاخەوان عەبدوڵا لە پیامێکیدا داوای لە حکومەتی فیدراڵی کردووە، ڕوشوێنی پێویست بگرێتەبەر لەپێناو دانانی سنوورێک بە دووبارەنەبوونەوەی ئەو دەستدرێژیانە بە سەر دەزگا مەدەنی و ژیارییەکان، کە بووتە هۆی دروستکردنی مەترسی ڕاستەقینە بە سەر ئاسایش و سەقامگیری. هەروەها بە پێویستی زانی سەرکۆشی لایەنە لەیاسادەرچووەکان ڕابگیرێت و

لەپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت .